www.kurdistannet.org
28-9-2006 7:15 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەمەتەقێ ی فەلەک... بەڵێن ڕەواندوزی

فەلەك پێ ی ووتم بۆ گۆڕ
مەرگ ئەتگرێ بێ تۆڕ
خاك و ڕۆژیشت دوورن
لەتیشكی مانگ و لەخۆر

منیش پێم ووت لەناوچوون
لەگووم بوونا بۆ نەبوون
ئەبێ جیاوازیان چی بێ
لەسەر یان لەژێر خاك بوون

ووتی دەسا بی چێژە
نەمامی خەم بنێژە
هەتا لەدونیا ماووی
فرمێسك بەشتەبرێژە

ووتم چی ماوەنەی كەی
بێ ڕەحمی وا تاكو كەی
جەرگ و دڵمت دارژان
لەبار نەما لەتیان كەی

جا ووتی بەنووكەنووك
بەسەرتا ناهێڵم تووك
خۆشیت ئەدەم بەتۆرا
خەمت بۆ ئەكەم بەبووك

منیش ووتم بێ هۆشم
كەی خۆشیم دیووی بنۆشم
ئیتر چاوەڕێ ی چی بم
چیت بۆ هێشتم بی پۆشم

جا ناوی خوای لێ بێنە
بەمەردی گورج بوەشێنە
كرنووش بۆ ژیانێك نابەم
كەخۆری تیا بێ تێنە

bellen 3@hotmail. com